کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 16:16بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەكگرتووی ئیسلامی جاشە یان.. ؟؟؟!!!!! وەڵامێكی كورت بۆ كاك تەنیا كوردی. ! ... بێدار كوردی

بە كورتی كاك تەنیا تۆ یان زۆر منالّی یان خەوتووی یان خۆت گێل ئەكەی ئەگینا بچۆ لە باوكت بپرسە:

- بلّی ژیاننامەی ئەو دوو سەركردە قارەمانەم بۆ باس بكە كە لە ساڵەكانی 1950 تا 1975 چەند جار خیانەتیان لە یەكتر و لە هەموو گەلی كورد كردووە دواتریش بپرسە:
- كێ دامەزرێنەری جاشایەتی یە؟ پرسیار لە هەردوو سەرۆكی فەرماندەت بكە. !!
- كێ تۆپی بەعسی ناوە بە كورد و شاخەكانی كوردستانەوە؟!!
- كێ پاسداری فارسی هێنایە ناو جەرگەی خاكی كوردستان بۆ لێدانی كورد؟!!
- كێ بوو هۆكاری كیمیا بارانی هەلەبجە بە دەستی بەعسی یەكان؟!!
- كێ بوو هۆكاری ئەنفال كردنی بارزانی یەكان؟!!
- كێ دەبابە و پۆستاڵ لە پێی هێنایە سەر شەقامەكانی پایتەختی كوردستان؟!!
- كێ بوو كوڕی گەنجی كوردی ئەدا بە كوشت لە سەر لوتكە شاخێك كە ئێستا كەس ڕاوە كەویشی لی ناكات؟!!
- كێ بوو ماڵە كوردی لە سلێمانی بۆ هەولێر و بە پێچەوانەوە ئاوارە ئەكردو بە زۆر خێزانی بە خێزانی تر بە خێو ئەكرد؟!!
- كێ بوو؟ كێ بوو؟ كێ بوو؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

- ❖ ئێستاش كێ یە موزایەدە بە كەركوكی قودس و دڵ گورچیلە و.... هتد ئەكات و دواتریش بە دوو ووشەی گەورەی ئاغاكانی سازش لە سەر هەموو شتێك ئەكات؟!!
- ❖ ئێستاش كێ یە هیچ بەهایەكی ئەخلاقی كلتوری و ڕۆشنبیری و فكری و.... . هتد بۆ كورد نەهێشتوە؟!!
- ❖ ئێستاش كێ یە خاوەنی گەورەترین سەرمایە و كۆمپانیایە لە كوردستان ڕەسیدی تایبەتە لە بانكەكانی ئەوروپا؟!!

هیوادارم بچی مێژووی سەركردەو شۆرشگێرە كوردەكانمان بخوێنیتەوە ئینجا لە ڕووت بی ڕەخنەی بی بنەما لە خەڵكانی تر بگری. !

بێدار كوردی
شاری هەڵمەت و قوربانی
2007/6/25

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.